# هیچ جیاوازیەک لەنێوان مەلا کرێکار و عەلی باپیر و سەلاحەددین بەهاددین نیە

**هەژار خۆشناو**
2005-10-12
hajarkhoshnaw@yahoo.it

کورد ئەو نەتەوەی بێ دۆست و چەوساوە، ئەو مێژووەی پڕاو پڕ لەنەهامەتی و دەردەسەری، لە کیمیایی تا ئەنفال و هتد...
ئەوەی لەو نەتەوە جیایە لەگەڵ نەتەوەی تر خۆش باوەڕ و زۆر زۆر سادە و پاکیە، ئەمەش بۆتە هۆ، دوژمنان بی قۆسنەوە...
کاتێ بە درێژایی مێژوو کورد چەوسا بێتەوە، بەڵام جێگای خۆشحاڵیە بەردەوامیش خاوەن بزافی ڕزگاری خوازی خۆمان بووینە لە هەر چوار پارچەی، بەلامەوە گرینگ نیە لەسەر چ بنەما و ئایدلۆژیایەک بووە و دەبێ گرینگ ئەوەیە"هەموو پێکەوە هەوڵدەین و تێکۆشین تەنیا بۆ یەک بەرژەوەندی ئەویش کورد و کوردستان"...
خۆشحاڵم بەوەی لە کوردستانی باشورمان وا کورد خەریکە فێرە شتێک دەبێ ئەویش "خۆیی ئەگەر گۆشتیشت بخوا ئێسکت ناشکێنێ" هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار تا ڕادەیەک گەیشتنە ئەو متمانەیەی کە نەبەشەڕ نەدژایەتی نادروست ناگەنە هیچ ئامانج و گەشەپێدانێک بە خەڵکی خۆیان...
ئەوەی داوای خەڵکە بۆتە کاری ئەوان، یەکبوون و یەکگرتووی لەبەردەم عێراق و یەک هەڵوێستی، ئەمەش دەسکەوتێکی مێژووییەو نەوەی نوێ لەبەر چاوی دەگری، لە کوردستانیش بەهەمان شێوە...
مام جەلال توانی بوونی کورد بەرز کات و نیشانی دا کورد چەندەبە توانایە و سەرۆکایەتی هەموو چین و توێژێکی عێراقی پێ دەکرێ، کەبێگومان ئەمە موڵکی هەموو کوردە، هەر جوڵانەوە و درکێکی مێژووییە، کە ڕۆژگارێ کورد دەزانی مام جەلال ئەستێرەیەکە بەردەوام دەگەشێتەوە....
چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەسوریا دەربری بێ لایەنە؟! سەرەتای ڕزگاری عێراقیش لایەنگری سوریا بوو! ئەو کاتەی هەندێ نووسەر دژیشان نووسی، بەڵام ئەو چونکە لە شتەکان دەگا دەزانی چۆن بدوێ، سوریاش لەبەر دەستی هەواڵگری ئیسرائیلی دایە، ئەو کاتە بە پاڵە پەستۆی ئەوان و ئەمەریکا عەبدوڵا ئۆجەلانیان دەکرد، ئەو سوریایەی تا ماوەیەک پێش ئێستا چەندین ساڵ بوو هێزەکانی لە لوبنان داکوتابوو، بەڵام ئێستا سنورەکانی لەگەڵ عێراق ناپارێزی و تەواو هاوکاری ناکا...، وادەری کەن لە گرۆپەکەیان، هێزەکانیان پێ دەرکردن لە لوبنان و هتد... پێم وایەبۆیەشمام جەلال ئەو هەڵوێسەی پێ پەسندە...
هەواڵگری ئسرائیلی و ئەمەریکی چ کاریگەرێکیان هەیە بەسەر دۆزی کورد؟ کاتێ دکتۆر قاسملۆ شەهید کرا، ڤەینا چی کرد بەرامبەر بەڕژێمی ئێران؟ هیچ! بەڵام چونکە ئەمەریکا و ئیسرائیل ئەحمەدی نەژادیان بەدڵ نەبوو وەک ئەوانەی پێشوو هاوکاریان ناکا، هەستان

ڤەینایەن تێگەیاند و دۆسیەی شەهیدیان کردەوەو، دەستی ئەحمەدی نەژادی تێدابووە! و جیهانیان پڕ کرد، لەو لاشەوەخەڵکی مهابادیان ڕژاندە سەر شەقام، گوتیان یەکێک بووە لەوانەی بەسەر باڵوێزی ئەمەریکای داداوە، بەڵام دیارەڕازی بووە هەندێ باری ئەمەریکا هەڵگرێ، دۆسیەی شەهید قاسملۆ داخرا!، ڕاپەڕینی مەهاباد کۆتایی هات، نەژاد گەشتی ئەمەریکاشی کرد و تێگەیاندن بابە ئەوها نیە... دۆسیەی شەهید وای لێهات وەزیری دەرەوەی ئیتالیا لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزۆنی قسەی لەسەر نەژاد دەکرد دەی گووت دەستی هەبووە لەکوژتنی دبلۆماتێک لەڤەینا، ئەو: جاکفرانکۆ فینی، بەیەکەم کەسی سیاسی ژیری ئیتالی دەزانم، کە کاتی خۆی چووە ئیسرائیل و کلاوەڕەشەکەشی کردە سەر و تێریش پاڕاوەلەسەر مەزاری ئیسرائیلیەکان...
کورد هەرگیزا و هەرگیز دۆستی نەبووە، بۆیەش مام جەلال بەردەوام لەسەر فەلسەفەیەک کار دەکات کە" دوژمنی ئاشکرام دۆستمە" کاتێ دەڵێ تورکیا دۆستی کوردەچونکە بەردەوام دژایەتی دۆزی کورد دەکا، کەچی وولاتانی تری وەک نەمسا بینیمان چۆن زار و مار بە کورد دەکا، دۆسیەی دکتۆری داخست و کردیەوە بەئەرشیف، ئیتالیا ئەو وولاتەی منی لێ دەژیم، کاتی خۆی چەپەکان لەسەر دەسەلات بوون، ئۆجەلانیان هێنا ئێرەو بە ویستی هەواڵگری ئیسرائیلی و ئەمەریکی تەسلیمیان کرد بەتورکیا، ئێستاش چونکە بەرژەوەندیان وا دەخوازێ هەندێ پێی دەڵێن ڕزگار خواز و گەورەئاپۆ، هەندێ پێی دەڵێن تیرۆریست!، بۆیە"لەگەڵ گورگ گۆشت دەخۆ ن و لەگەڵ مەڕیش شین دەکەن" کە ئەمەکوردیش پێویستیەتی وابێ،
بۆیەئەگەر لەم ڕۆژگارەبەلاوێکی تازەپێگەیشتوی کورد بڵێی کچە میسریەک بەزۆر دەکرێ بە هەواڵگری ئیسرائیلی ئەوەپێت دەڵێ پەرداغی گێوژی بەچەندیا؟ موبارەک بەخۆی و ئەهرەمەکانەوە هەواڵگری ئیسرائیلیە هەر ئەوەما بوو!!!...
من دەڵێم کورد ڕۆژێ پێنج جار ڕوو لە سوعودیایەکی عەرەبی دەکا، کاتێ سوعودیا خۆی کرنووش بۆ ئەمەریکا و ئیسرائیل دەبا، بۆیەپێم وایە خواش هەواڵگری ئەمەریکا و ئیسرائیلە هەروەک چۆن بوش گووتی خوامان لەگەڵە،...
با پەند لەڕابردوو وەرگرین دۆستایەتی لەسەر بەرژوەندیە، ئەوان بەرژەوەندیان وایە دۆستمان بن و کاریان بۆ بکەین، ئێمە هاوکاریان دەکەین ئەوانیش دەبێ چاویان لێمان بێ، بەشێکین لەوان، بەڵام هیچ شتێ نا دژ بە نەتەوەکەمان...
مام جەلال بە دەنگی گەل کاک مەسوعدی پێشنیاز کرد بۆ سەرۆکایەتی و یەکێتیش دەڵێ سەرۆکایەتی ئەو هیچ گفتوگۆیەک هەڵناگرێ، کەواتە ئەوان تێگەیشتوونە بەرژەوەندی کوردستان سەروی هەموو شتێکە، کاک مەسعودیش نامەی خۆی نارد بۆمان لەووتاری پەرلەمان کە گووتی لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە، کەواتە کورد قەد قەد شەڕی ناوەخۆ ناکات و تووشی هەڵەی مێژووی نابێتەوەو یەکگرتووە، هەڵوێستە جوانەکانیشی دیار بوون سەبارەت بەکێشەی کورد، لەکەرکوک تا هتد... ئەو شتەی کەزۆر دڵی خۆش دەکردم کەدەی گووت من و مام جەلال بەردەوام پەیوەندیمان پێکەوە هەیەو بێ یەکتر هیچ هەنگاوێک نانێین...

بۆیەئەگەر بەسۆزی بارگاویشیان نەکەینەوە،تا سەرۆک و سەرکردەمانن ڕێزیان لێبنین چونکەڕێزلێنان لەوان ڕێزلێنانەلەدەنگی هاولاتیان و گەلی کورد، بەڵێ ڕەخنەلەهەر کۆمەڵگایەک نەبێ ئەوەئەو کۆمەڵگایەپێش ناکەوێ، کەسیش بێ کەم و کوڕی نیە، وەکەم و کوڕی جێی چاکردنن، نەک ناشیرین کردن...

کەواتە "ئەگەر کورد دۆستی نیە و دەبێ بەخۆی پشتی خۆی بشوا هەتا نەخورێ"، سەرەتا لە ناوەوە دەست پێ بکا و گیانی تەبایی و برایەتی ڕاستەقینەبرِوێنن...

هیچە گرینگ نیە کامە پارت و کامە لایەن، تەنیا بەرژەوەندی نیشتمانی و کورد بوون... دەتوانێ کوردستان بکا بەوولات... بۆ ئەمەش:

یەکەم هەنگاو دەبێ چارەسەری ئیسلامی سیاسی بکەین، کە مەترسیترن زەنگیش عەلی باپیر لێیدا لەچاوپێکەونێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا، کە یەکەم برِۆ رِێ ئازادەی لە ئێران وەرگرتووە و دووەمیش دەویەوێ پشت بە قورئانە نوێکەی سیستانی ببەستی (مەبەستم دەستوری عێراقە)

"لەڕووی بیروبۆچوون و ئامانج و کارکردن هیچ جیاوازیەک لەنێوان مەلا کرێکار و عەلی باپیر و سەلاحەددین بەهاددین نیە، ئەگەر یەکێ لەوانەخۆی پێ جیایە لەوانی تر ئەوە لە شەرعی خوا لای داوە" "من پێم وایە ئەگەر بلێین ئەمرِۆ کوردستان ببێ بە وولات دەلێم نەخێر دەساڵی تر، تا چارەی ئیسلامی دەکەین، چونکە هەر دێتە پێشمان ئەگەر لە جەزائیریشمان خراپتر لێنەهات ئەوە وولاتمان دروست نابێ" نازانم سەرانی کورد ئەو عەلی باپیرە ناناسن؟! برِۆن نامیلکەکانی بخوێننەوە، ئەو مێژووی بزوتنەوە بەئی کۆمەڵ دەزانی، خەباتی مەلا کرێکار بەئی کۆمەڵ دەزانێ، هەموو ئەندامانی ئەنسار لەنێو کۆمەڵ خۆیان حەشار داوە، کێ دەتوانێ یەک جیاوازی بدۆزێتەوەلەنێوان کادیرێکی ئەنسار و کۆمەڵ، مەلا کرێکار و عەلی باپیر پەروەردەی یەک "نەحنو حەرەکەت ول ئیرهابین" ین، دامەزرێنەری کەتیبەی مەسخادۆف و شەهید عەبدولا عەززام و حەسەن بەننان... هەر ئەوانەن...

هەنگاوی دووەم دامەزراندنی "ژووری نیشتمانی" ئەم ژوورەبریتی دەبێ لەگەورەترین سەروەری کوردی، کەتیای دا دەزگای زانیاری و پاراستن و ئاسایش یەک دەگرن، بەشێوەیەکی دەوڵەمەند ئەکادیمی لەتیۆری و پراتیکی کار لەسەر ڕووداوەکان دەکەن، کەهەموو دەسەڵاتێکیان هەبێ، وەختێ تەلەفۆنێک بۆ ئاسۆس هەردی دەکەن کەبەیانی ئەوەسەر مانێشتی هاولاتی بێ، ئەو نەڵێ بۆ،

ئەو کەسەی کەئەمرِۆ بەباشی دەزانم دکتۆر بەرهەم ساڵحەچونکەدەتونێ لە لەپۆستێکی گشتی بێ لایەنی بنوێنێ و کەسێکی تیۆری و نێودەوڵەتی سیاسەت پچرِە، پێکەوەلەگەڵ کاک مەسرور بارزانی کەپراتیکیەلەهەواڵگری لۆکال، کەدوای وەرگرتنی پۆستی کاک کەریم سنجاری توانی لەماوەیەکی کەم دا 90 لەسەد دەزگایی پاراستن بگۆرِێ، کەوێنای دەکەم خۆشی بەرنامەی داناوەبۆ بەستنی کۆنگرەی پارتی، کەکادیری نوێ دەینی چونکەیەکەم زیاتر خۆی ماندو دەکاتا بتوانێ پۆستەکەی پرِ بکاتەوەو نازی خەباتی شاخ ناکا، دوو زیاتر کۆنترۆڵ دەکرێ چونکە ئی سەردەمی شاخ نیەگفتوگۆ بکا...

سێیەم دانانی کەسی شیاو لەپۆستەکان دا بەتایبەتی لەسەر ئاستی نێو دەڵەتی...

وەئەوانەی من بزانم کەلەکاتی هەستیار و شوێنی هەستیار دوابن لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی کەتەواوەت نوێنەراتی کوردستان داوای کوردیان کردوە، دوای مام جەلال و کاک مەسعود دکتۆر بەرهەم هۆشیار زێباری بەهرۆز گەڵاڵی...